# ڕووباری خوێن

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح/هەولێر
**avinfatah@yahoo.com**
**April 03, 2005**

(تێری شایڤۆ– **41**ساڵ) ژنێکی ئەمریکاییە لە ساڵی **1990** چونکە دڵی بۆ ماوەیەك لە لێدان وەستا، تووشی مردنی مێشك بوو،ئیدی لەو کاتەوە تا پێش مردنی بێهۆش بوو تەنیا بە لوولە نان وئاوییان دەدایێ ، ئەم ژنەهەنووکە بووەتە هۆی وروژاندنی بابەتێکی زۆر گەرم لای رای گشتی ئەمەریکی، لە لایەکەوە پزیشکەکان بە پێی یاسای مردنی بە بەزەیی ودوای وەرگرتنی رەزامەندی هاوسەرەکەی لوولەخۆراکەکەیان لێ بڕی وسەرەنجام دوای دوو هەفتە سەری نایەوە چونکە هیوای چاکبوونەوەی نەبوو، لەلایەکی دییەوە دایكو باوکی ژنەکە بۆ مانەوەی لە ژیانداهەوڵ و تەقەللایەکی بێسنووریاندا  کە ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکرێ ، بەڵام دواجار هاوسەرەکەی کێشەکەی  بردەوەوبڕیارەکە جێبەجێ کرا ،بۆیە ئەو پیاوە بووەتە مانشێتی سەرەکیی رۆژنامەکانو ئەم پرسە وەك ئاگری بن کا هەموو ئەمریکای گرتەوە وسەرۆك بوشیشی ناچار کرد مۆڵەتەکەی خۆی لە تیکساس بپچڕێنێ و بەرەو واشنتۆن بگەڕێتەوەتا لەوکێشمە کێشەدا بەشداری بکات.

ئەمە لە ئەمریکا بوو وەلێ لە شارۆچکەی مەخمووری خۆشماندا (چیمەن)ی جوانە مەرگ بووەقوربانیەکی دیکەی نامووس پارێزی، چیمەنی بەدبەخت دوای ئەوەی هاوسەرەکەی تەلاقی داو بەرەو ماڵەباوانی کردەوە، ئیدی ئەوان خۆیان بوون بە دادوەرو جەللادو، تەزووی کارەباش کە ئێستا لەبەدبەختی و چارەڕەشیی ژنان لە جاران باشترە، بووە ئامرازی جێبەجێکردنی تاوانەکەو چیمەن بە پێچەوانەی تێری، ئاگای لە پلانی سووتاندنی هەبوو، من دڵنیام تا ئەو کاتەی کە کارەبایان لە هەردوو دەستی داوە، ئەوبەستەزمانە نەیزانیوە کە بکوژەکانی لای خەڵکی دەڵێن ، کارەبا گرتیو مرد!

کە کوشتنی ژنانو سووتاندنیان بەرپرسانی ئێمە ناورووژێنێت، لەبەرامبەرداکولتووری کورتکردنەوەی شەرف لە جەستەی ژندا پەرەدەستێنێت، من نازانم ئەو کەسەی بووە مایەی نانەوەی ئەم ئاشووبە، قەت بیری لەوە نەکردبووەوە، کە ئەگەر ئەو ژنە هەڵەیەکیشی کردبێت دەکرا بە بێدەنگی چارەسەری کردباو ، شەریفانە بیری لە ژیانی مرۆڤێکو دوا رۆژی سێ منداڵی بێتاوان بکربایەوە( بە پێی هەواڵەکە دراوسێیەکیان رەفتارەکەی ئاشکرا کردووە).

لەشاری لاهای هۆڵەنداشدا  لەمیانی کۆنگرەیەکدا کەلەسەر کوشتنی ژنان بەناوی شەرەفەوە بەڕێوەچوو، فادیمە شاهیندال نموونەی بەردەستی کۆنگرەوانان بوو، پارساڵیش کوشتنی هێشوو لە لایەن باوکیەوە لە بەریتانیا بووە هۆی ئەوەی کە پۆلیسی بەریتانی  لە مانگی سێپتەمبەری رابردوودا بڕیاری ئەوەبدات کە ئیتر دەربارەی کوشتنی ناموسپارێزی لێکۆڵینەوە بکات، هەرچەندە ئەمە پرسێکی نامۆشە بە پۆلیسەکانی ئەو وڵاتانە!

تائێستا لای ئێمە بکوژانی ژنان ئازادن وبەسەربەستی تێی دەسووڕێنەوەو ناشزانم تاکەی ئەم رووباری خوێنە بەردەوام دەبیت؟

---

**تێبینی , ئەم بابەتە هاوکات لەڕۆژنامەی (میدیا ) ش بڵاو دەبێتەوە**